# عەشق کوێرە

پەیوەندیی عەشق و بێئاگایی لە دەروونشیکاریدا

**نووسین: ڕێناتا سالێکڵ**

وەرگێڕان: ڕوشدی جەعفەر

## یاداشتی وەرگێڕ

لە ئوستوورەی لاتینیدا، کیوپیدی خواوەندی خۆشەویستی (کە هاوتای "ئیرۆس"ی یۆنانییەکانە) بە چەندین شێوە وێنەی کێشراوە، وێنەیەکی بەربڵاویان کیوپیدە بە چاوبەستراوی و لە حاڵێکدا کە تیر و کەوانێکی بەدەستەوەیە: وەک بڵێیت کاتێک کیوپید "تیرێکی عەشق" دەهاوێژێت، هیچ هۆکارێکی ئاگایانە و ماقووڵ لە پشت ئەم کارەوە نییە، عەشق پانتایی بێئاگایی و کوێری و چاوبەستەکانە. واتە مەسەلەی پێکبەستنەوەی عەشق و کوێری (بە مانا مەجازییەکەی) هێجگار کۆنە، ڕەگوڕیشەیەکی ئوستوورەیی هەیە. لە سەردەمە نوێیەکانیشدا، ویلیام شکسپیر وەک ئوستادی تراژیدیا و کۆمیدیاکانی عەشق، لە چەندین جێدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە بارەی کوێریی عەشقی نووسیوە، دەربڕینی ناسراوی "عەشق کوێرە" دەقاودەق لای وی هەیە (وەک ئەوەی سالێکڵیش لەم دەقەدا دەپەرژێتە سەری). ڕێناتا سالێکڵ، فەیلەسووف، کۆمەڵناس و دەروونشیکاری سلۆڤینی، لێرەدا باس لە چەند ڕەهەندێکی کوێری لە عەشقدا دەکات: ئایا چ پەیوەندییەک لە نێوان عەشق و بێئاگایی (یان نەزانین)دا هەیە؟ ئایا بێئاگایی پێشمەرجی عەشقە؟ ئایا ئەم پەیوەندییە لە دونیای هاوچەرخ (بەتایبەت لە خۆرئاوا)دا چیی لێ هاتووە؟ ئاخۆ

لەدەستچوونی بێئاگایی نابێتە هۆی لەدەستچوونی عەشقیش؟ ئایا بێئاگایی لە عەشقدا چ پەیوەندییەکی بە فەنتازیا شەخسییەکانەوە هەیە؟ کاتێک عەشق دەگۆڕێت بۆ ڕق یان بە پێچەوانەوە، بێئاگایی چ ڕۆڵێکی تیا دەگێڕێت؟ کارکرد و وەزیفەی بێئاگایی لە کوێی ئەم پەیوەندییانەدا چییە؟ چ شتێک وامان لێ دەکات دەستئەنقەست خۆمان لە شتێک بێئاگا بکەین؟

هەڵبەت لێرەدا بێئاگایی میکانیزمێکە و ڕۆڵی ڕاگرتنی فەنتازیا دەگێڕێت، دواجار دەشێت لێکەوتی نەرێنی یان ئەرێنیی هەبێت، هەروەها دەکرێت لە بارەی بێئاگایی دەستئەنقەستیش بدوێین، واتە کەسێک بە دڵنیاییەوە دەزانێت شتێک وا نییە، کەچی وا خۆی دەنوێنێت کە وایە: جۆرێک لە فریوخواردن و خۆفریودانی قایلکەر. سالیکڵ لە تەوەری کۆتاییدا بەتایبەت ئاوڕ لەم بێئاگاییە دەستئەنقەستە دەداتەوە، کارکردە دەروونی و ڕەمزییەکەی دەپشکنێت. سالیکڵ شرۆڤەیەکی ناوازە لە بارەی پێکداچوونی بێئاگایی و عەشق و ڕق دەخاتە ڕوو، بە چەند نموونەیەکی ئەدەبی یان ڕاستەقینەش خاڵە تیۆرییەکانی باسەکە ڕوون دەکاتەوە، هەر لە کۆدا ستایلی سالیکڵ خۆشخوێن و زیندوو و ورووژێنە. بێئاگایی (یان نەزانین) بەشێکی زۆری ژیانی مرۆڤی داگیر کردووە، لەم سەردەمەشدا شێوەی دیکەی ئەم بێئاگاییە زەق بوونەتەوە، عەشق یەکێکە لەو شتانەی هەموو جۆرێکی بێئاگایی تیا دەبینین. زاراوەی عەشقیش لەم دەقەدا، بەتایبەت عەشقی ئیرۆتیکی دەگرێتەوە، بەلام هەر وا بێتەوە ئاماژەیە بە هەر خۆشەویستییەکی دیکەش، بەتایبەت خۆشەویستیی نێوان دایکان و باوکان و منداڵەکانیان.

لەڕاستیدا هەردوو سیفەتی ئایدیاڵیزەکردن و سووککردنیش لەسەر جۆرێک لە بێئاگایی ڕاوەستاون. ئایدیاڵیزەکردن واتە بالایی-پێ-بەخشین، پێدانی پێگەیەکی مومتاز بە ئۆبێکتێکی دیاریکراو و جیاکردنەوەی لە ئۆبێکتەکانی دیکە. هەر پەیوەندییەکی مرۆیی جۆرێک لە ئایدیاڵیزەکردنی تێدایە، بەلام ئەم پرۆسەیە لە عەشقدا دەگاتە ترۆپکی خۆی. بە هەمان شێوە، سووککردن دیوی ئەودیوی ئایدیاڵیزەکردنە، زۆر جار هەمان ئەو ئۆبێکتەی جاران ئایدیاڵیزە دەکرا، ڕەنگە دواتر بکەوێتە بەر نەفرەتی سووککردن. لە هەردووکیاندا کەسەکە چاوی خۆی لە ئاست ڕاستییەکاندا (یان لانی کەم هەندێک لە ڕاستییەکان) دەنووقێنێت،

واقیع بەگوێرەی فەنتازیا تایبەتەکەی خۆی ڕاڤە دەکات، گرنگ نییە چەندە بەڵگەی دەست بکەوێت دژی ئەم دیدە زەینییە، زۆر جار هەر لەسەری بەردەوام دەبێت (تەنانەت ڕەنگە فەنتازیاکە وای لێ بکات هەر لە دەستکەوتنی ئەم بەڵگانە بسڵەمێتەوە). زۆر جار مرۆڤ هێندەی فەنتازیا سوبێکتیڤەکەی خۆی بە لاوە گرنگە، ئەوەندە بایەخ بە واقیعە دەرەکییەکە نادات. بۆ نموونە شیعری کلاسیکی کوردی، هەڵبەزودابەزێکی بەردەوامە لە نێوان ئایدیالیزەکردن و سووککردنی مەعشووق یان یار.

وێڕای ئەوە، سالێکڵ سەرنجێکی گرنگ دەخاتە ڕوو "لە کاتێکدا کەسانێک هەست بە تووڕەیی و دوژمنایەتی دەکەن، دەرهەق بەو کەسانەی پێیان وایە فەرامۆشیان کردوون، کەچی کەسانێکی تر هەن کاتێک ئەوی تر (واتە مەعشوقەکەیان) لایان لێ ناکاتەوە، شێتانەتر ئەویندار دەبن." چونکە لای سالێکڵ مەسەلەکە تەنها بێئاگایی (ignorance) نییە، بەڵکو "نادیدەگرتن و خۆ-لێ-بێئاگاکردن" (ignoring) و "فەرامۆشکردن و لێ بێئاگابوون" (ignored being)یشە. گوژمی ئەم دیوەی بێئاگاییش شتێکی بەربڵاوە. گەرچی سالێکڵ لێرەدا کەمتر هەڵوەستەی لەسەر دەکات، بەڵام لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەدا بە درێژی دەگەڕێتەوە سەری... کوێریی عەشق ڕەنگە دەلالەت بێت لەو 'مەودا'یەش کەوا عەشق ڕادەگرێت، نزیکبوونەوەی لەڕادەبەدەر واتە زانینی لەڕادەبەدەر. ئاشکرایە ئەم "لەڕادەبەدەر"ەش بە زیان بۆ سەر فەنتازیای عاشقەکە دەشکێتەوە. مەودا ئەو شتەیە ئارەزوو بە زیندوویی دەهێڵێتەوە، درزیی ئەوتۆ ناکاتە وێنای مەعشووق لە خەیاڵی عاشقدا.

تەنانەت لە بنەڕەتەوە خودی ڕووداوی عاشقبوون دەمانخاتە بەردەم پارادۆکسێکی دیکەی بێئاگاییەوە: کەس نازانێت بۆ کتومت عاشقی ئەم کەسە دەبێت نەک کەسێکی تر (ئەگەر باسی "پێشمەرجەکانی عەشق" لای فرۆید نەکەین، کە ئاشکرایە کارکردێکی نەستەکییان هەیە). بێئاگایی ئەو زیادەیە کە وا دەکات نەتوانین بڵێین عەشق چییە: دەشێت یەکێک بڵێت عەشق ئەمەیە، یەکێکی تر بڵێت شتێکی ترە، لەوانەیە تێکڕای ئەم پێناسانەش دروست بن، بەڵام هیچیان پڕاوپڕ و کافی نین، چونکە زیادەیەک، کوێرییەک، بێئاگاییەک لە

عەشقدا هەیە کە نە بۆ عاشقەکە و نە بۆ ئەو کەسانەشی چاودێرن بەسەریەوە، ڕوون نییە. ئەم لەپێناسەبەدەرییە، چەندین ئیمکانی تێگەشتن و ئەزموونکردنی جیاوازی بۆ عەشق کردووەتەوە. هەر ئەم کوێری و بێئاگاییەشە عەشق دەکاتە ڕووداوێکی هەژێنەر: بە وتەی سلاڤۆی ژیژەک، "دۆخێکی لەناکاوی هەمیشەیی" قووت دەکاتەوە، خۆی "دۆخی لەناکاو" وەک دیارە دۆخێکی کاتییە، بەڵام لە عەشقدا دیار نییە چەندە دەخایەنێت.

بە دیدی سالیکڵ، عەشق ئەو فەنتازیایە کەوا نوقسانییەکەی ئەوی تری پێ دادەپۆشین؛ لە عەشقدا ئەوی تر لە ئۆبێکتێکی سواو دەبێتە ئۆبێکتێکی مومتاز. بەپێی دەروونشیکاریی واقیع شتێک نییە لەوێدا، بەڵکو ئێمە بە هۆی فەنتازیاکانمان، خەونە ڕۆژانەییەکانمان، شێوەگۆڕکێ و گەمە نەستەکییەکانمان پەیوەندی لەگەڵ واقیعدا دەسازێنین. ئەم فەنتازیایە تەنانەت دەکرێت نەیەتە ژێر باری "تاقیکردنەوەی واقیع" یان واقیعپێوییەوە، چونکە لە بنەڕەتەوە بونیادەکەی لە واقیعەوە وەرنەگرتووە. بۆیە تەنانەت شتێکی وەک "درۆ"ش دەشێت ڕۆڵێکی پێکهێنەر لە عەشقدا بگێڕێت، وەک کەرەستەیەک بۆ پاراستنی فەنتازیا.

خاڵێکی گرنگ کە سالیکڵ ئاماژەی پێ دەکات، ئەوەیە: مەسەلەکە هەر ئەوە نییە عەشق بە ماهییەتی خۆی لەسەر بێئاگایی ڕۆنرابێت، بەڵکو عاشقەکان خۆیان خۆویستانە پەنا دەبەنە بەر بێئاگایی: بە وتەی لاکان مرۆڤەکان "جۆشوخرۆشیان بۆ بێئاگایی" هەیە، پاڵنەریکیان تیایە ڕووەو نەزانین هانیان دەدات، تا دەست بە ئابوورییە دەروونی و فەنتازیا شەخسییەکانیان بگرن (سالیکڵ لە ڕێی نموونەی "مایک و هاوسەرەکەی" ئەم خاڵە بە جوانی ڕوون دەکاتەوە). بەڵام جۆشوخرۆش بۆ بێئاگایی چییە؟ جۆشوخرۆش بۆ بێئاگایی" دەستەواژەیەکە ژاک لاکان لە بودیزمی وەرگرتووە. لاکان لە دەیەی ١٩٥٠ لە کۆمەڵێک وانەوتاری زانکۆی سۆربۆن دەربارەی بودیزم و فێرکارییەکانی ئامادە بووە. بۆیەش ئەم زاراوەیەی هەڵگرتووەتەوە، چونکە پێی وایە نزیکایەتیی لەگەڵ ئەو شتەدا هەیە کە لە میانەی جەلسەکانی شیکردنەوەی دەروونیدا ڕوو دەدات و خۆی شایەتحاڵی بووە: نەخۆشەکان (یان شیکاری-بۆکراوەکان) لە سەرەتادا وایان دەنواند دەیانەوێت بزانن، بەڵام وردەوردە دەردەکەوت کە لەڕاستیدا نایانەوێت بزانن چییانە. لاکان تەنانەت

پێی وایە هیچ پاڵنەرێکی زانین لە ئارادا نییە، بەڵکو تەنها پاڵنەری نەزانین هەیە. دەشگوترێت زۆر جار قسەکردنی نەبڕاوەی دەروونشیکاری-بۆکراو لە کاتی دانیشتنەکاندا ڕێگەیەکە بۆ خۆلادان لەوەی پێویستە بگوترێت (و بزانرێت). ڕێناتا سالیکڵیش ئەم دەستەواژەیەی لاکانی کردووەتە ناونیشانی سەرەکیی کتێبەکەی لە پاڵ ناونیشانێکی لاوەکیدا "دەمانەوێت چ شتێک نەزانین و بۆچی؟". بەڵام مەسەلەکە لای ڕێناتا لە دەروونشیکاری و نەخۆشدا قەتیس نابێت، بەڵکو لە ڕێگەی ئەم زاراوەیەوە چەندین ڕەهەندی کۆمەڵگەی هاوچەرخ دەپشکنێت. جۆشوخرۆش بۆ بێئاگایی هەر تەنها لای نەخۆشەکان نییە، بەڵکو لە ژیانی خەڵکانی بەحسێب نۆرماڵ و ئاساییشدا هەیە. دەبێت ئەم کارەی ڕێناتا سالیکڵ بخەینە ناو ئەو ڕەوتەی پێیان وایە لێکۆڵینەوە لە بێئاگایی (لەو شتەی نایزانین یان نامانەوێت بیزانین) بە ڕادەی مەعریفە (ئەو شتەی دەیزانین یان دەمانەوێت بیزانین) گرنگە. سالیکڵ پێی وایە ئێمە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی هاوچەرخدا بە فیعلی لە کۆمەڵگەی بێئاگاییدا دەژین (نەک مەعریفە)، بۆیە دەشڵێت ئەگەر لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم میشێل فۆکۆ لە پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و زانینی کۆڵییەوە، ئەوا لە ئێستادا ئێمە دەبێت لە پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و نەزانین بکۆڵینەوە، چونکە لێرەدا خاڵێکی دیالەکتیکی هەیە: هەڵکشانی مەعریفە هاوشانە بە هەڵشکانی ئارەزووی نەزانینیش. سالیکل بێئاگایی وەک دیاردەیەکی سەرلەبەر نەرێنی ناخاتە ڕوو، بەڵکو دێت و کارکردەکەی لەسەر دەروونی مرۆڤەکان وەک تاک و پانتاییە گشتییەکەش دەپشکنێت، بۆ نموونە مرۆڤەکان چۆن لە ڕێی بێئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ تراوماکانی جەنگ، نەخۆشکەوتن، عاشقبوون، بیگ-داتا و هتد دەکەن. دواجار زاراوەکە بە فەرامۆشکردنیش دەبەستێتەوە. سالیکل جەخت لەو خاڵەش دەکاتەوە، بێئاگایی تەنها هاومانایەکی دیکەی چەمکەکانی وەک نەفی و نکۆڵی و نەرێکردن نییە، بەڵکو کارکردی جیاوازتریشی هەیە. گەرچی بەتایبەت لەسەر زاراوەی نکۆڵییش دەوەستێت.

**(دەقەکە)**

# عەشق کوێرە

زۆر جار کاتێک کەسێک دەکەینە ئۆبێکت (بابەت)ی ئارەزوومان، یان ئایدیالیزەی دەکەین، پشتئەستوورین بە بێئاگایی (ignorance)ەوە، هەر بۆیە هەڵە نییە ئەگەر بڵێین عەشق کوێرە[1]. لە گەرمەی ئاوێزانبوونێکی ڕۆمانسیدا، ڕەنگە بینینی ئەوی تر بە ڕوونی مەترسی بۆ فەنتازیا بسازێنێت، بۆیە عاشقان لەم ئانوساتەدا چاویان دادەخەن تا جۆشوخرۆشەکەیان دانەمرکێتەوە، بەڵام لە ڕۆژگاری ئێستادا وا دیارە خەڵک بە شێوازێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ خۆفریودانەدا دەکەن؛ ئەو خۆفریودانەی کە عەشق پێویستی پێیەتی. ئەو کەسانەی لە ئینتەرنێتدا بەدوای مەعشوقێکدا دەگەڕێن، دەبێت چەندین ڕاپرسیی دووروودرێژ پڕ بکەنەوە لەبارەی تایبەتمەندییەکانی مەعشووقە دڵخوازەکەیان، وەک بڵێیت گوایە دەشێت بە شێوەیەکی عەقڵانی وەسفی ئەوە بکرێت ئاخۆ چ شتێک ئارەزوومان گڕ دەدات. ئەلگۆریتمە نهێنییەکان ئەم کەسانە لە کۆمەڵێک مەعشووقەی ڕێتێچوو نزیک دەکەنەوە، تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا ئەو بەرنامانەی تایبەتن بە ژووانی عاشقانە بەکارهێنەرەکانیان بەگوێرەی ڕادەی خوازراوی پۆلێن دەکەن [واتە ئاخۆ کام بەکارهێنەر لای کام بەکارهێنەری تر خوازراوە، کامیان ئارەزووی زۆرترین کەس دەورووژێنێت] وەک بڵێیت ئامار و پێوانەکان بە هانای خەڵکەوە دەچن کاتێک خەریکن لە ڕێگە پێچەڵپێچەکانی ئارەزووی خۆیان و ئارەزووی ئەوانی تردا ڕچەیەکی تایبەت بە خۆیان دەگرنە بەر. هەر وا بێتەوە کاتێک کەسێک پەیوەندییەکی ئەویندارانە لەگەڵ کەسێکی تر دادەمەزرێنێت، ئەوا تا دێت پاراستنی نهێنی دژوارتر دەبێت، چونکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، مۆبایلەکان و هەموو شێوە جۆراوجۆرەکانی دەزگاکانی چاودێری کارئاسانییەکی زۆریان کردووە تاکو شوێنپێی هەموو جووڵە و

---

[1] Love is blind

هزرێکی مەعشووقەکەت هەڵبگریتەوە. بەس ئاخۆ هەر بەڕاست خەڵک دەیانەوێت عەشق چیتر کوێر نەبێت؟ ئەی پەیوەندیی عەشق بە بێئاگاییەوە چۆنە؟

## عەشق، ڕق و بێئاگایی

ژاک لاکان لە باسەکەیدا دەربارەی عەشق دەڵێت ئێمە لە عەشقدا ئەو شتە دەبەخشین (یان بەڵێنی بەخشینی دەدەین) کە نیمانە و لە کەسانی تریشدا بەدوای ئەو شتەدا دەگەڕێین و دەیبینن کە لەڕاستیدا نیانە[2]. بە دەربڕینێکی تر، ئێمە فەنتازییەک پێکەوە دەنێین تا "نوقسانی"ـیەکەی (Lack) ئەوی تری پێ داپۆشین، کاتێک ئەم فەنتازیایەش دادەڕووخێت، ئەوا چیتر وەک عاشق نامێنینەوە، یان تەنانەت ئەو کەسەی جاران خۆشمان دەویست ئێستا ڕقی لێ هەڵدەگرین. لە حاڵەتی ڕقیشدا ڕێک وەک عەشق پێویستە چاوی خۆمان لەئاست هەندێک شتدا دابخەین؛ جاروبار ئەم چاوداخستنە بوارمان پێ دەدات تا لێکچوون و هاوشێوەیی نێوان خۆمان و ئۆبێکتی ڕقەکە [واتە ئەو کەسەی ڕقمان لێیەتی] نەبینین، هەندێک جاریش یارمەتیمان دەدات ئەو ڕاستییە لەبیر بکەین کە ئێمە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو کەسەمان خۆش ویستووە.

کاتێک لە بازنەی عەشق دەردەچین، ئەوا بە دەگمەن یەکسەر ڕقمان لە مەعشووقەکەمان دەبێتەوە. بەڵکو ئەمە پرۆسەیەکی بەکاوەخۆ و پلەبەپلەیە، بە جۆرێک تێیدا ڕێک ئەو شتەی لە سەرەتادا سەرنجی بۆ لای ئەو کەسە ڕاکێشابووین، دەبێتە شتێکی هەراسانکەر، تا دواجار چیتر ناتوانین بەرگەی بگرین. بیرمە جارێکیان لە کاتی گەنجێتیمدا قاوەیەکم لەگەڵ هاوپۆلێکمدا دەخواردەوە، کتوپڕ بۆی گێڕامەوە چۆنچۆنی کاتێک عاشقی ژنێک بووە، باڵاترین شت لە لای ئەوە بوو ژنەکە بە چ شێوازێک پیاڵەی قاوەکە هەڵدەگرێت و بە هێواشیش بۆ لێوەکانی دەبات. گوێگرتن لەوەی ئەم ژنە چۆن قاوەکەی فڕ دەکات و سەرنجدان لە جووڵەکانی، دەمودەست ئارەزوویەکی بەهێزی لە ناخی

[2] Jacques Lacan, *The Seminar of Jacques Lacan*, bk. 8, *Transference*, ed. Jacques-Alain Miller, trans. Bruce Fink (Cambridge: Polity Press, 2015).

ئەم گەنجەدا هەڵدەگیرساند، بەڵام کاتێک عەشقەکەی برایەوە، چیتر بە هیچ جۆرێک نەیدەتوانی بەرگەی ئەم جووڵانە بگرێت. شتێک هانی دەدا چاوەکانی بنوقێنێت و بە دەستیشی گوێیەکانی بگرێت، چونکە ئەو شتەی لە سەرەتای دڵدارییەکەدا ئارەزووی دەورووژاند، لە کۆتاییدا تەنها تووشی قێزوبێزی دەکرد.

ژاک لاکان لە کارە بەراییەکانیدا، بێئاگایی وەک سێیەمین توخم لە سێگۆشەیەکدا کە هەریەکە لە عەشق و ڕقیشی تێدایە، دادەنێت؛ ئەم سێگۆشەیە پەیوەندیی نێوان پانتاییەکانی ڕەمزی و خەیاڵی و ڕیاڵیش نیشان دەدات[3].

گەرچی عەشق زۆر جار وێنای ئەوی تر ئایدیاڵیزە دەکات، بەڵام ناساندن و دانپیانانی ڕەمزی (symbolic recognition)یش لەخۆ دەگرێت. بۆ نموونە ڕەنگە کەسێک بیەوێت عەشقەکەی بە یەکێک لەم ڕێگەیانە بناسێنێت: یادکردنەوەی ساڵڕۆژە گرنگەکان، هەڵواسینی قوفڵی خۆشەویستی بە پردێکیگشتیدا، یان شاهیمای پابەندبوون (و ئەوینی وەفادارانە)، واتە گۆڕینەوەی ئەڵقەی هاوسەرگیری. کاتێک ڕقمان لە کەسێک دەبێتەوە، ئەو خەسڵەت یان ڕەهەندەی ڕواڵەتی ئەوی تر کە جاران بووبووە مایەی هۆگریمان پێیەوە، ڕەنگە ئێستا وەک کەرەستەیەک بۆ بەئەهریمەنیکردن و لەمرۆڤخستنی کەسەکە بەکار بێت. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پڕن لەم وێنانە، واتە فۆتۆی دزێو و تەنانەت جاروبار شێوە-دەعبای سیاسییەکان و کەسە بەناوبانگەکان (سێلێبریتی) کە لەبەر ئەم یان ئەو هۆکار بنکە جەماوەرییەکەیان لەدەست داوە.

---

[3] Jacques Lacan, *The Seminar of Jacques Lacan*, bk. 1, *Freud's Papers on Technique*, ed. Jacques-Alain Miller, trans. John Forrester (New York: W. W. Norton, 1991), 271.

ئەگەر پانتایی ڕەمزی پەیوەست بێت بەو بەستێنە کهولتوورییەی تێیدا دەژین، بەتایبەت بەو زمانەی قسەی پێ دەکەین، پانتایی خەیاڵییش گرێدراو بێت بە وێنانەی تێیاندا سەرنج لە خۆمان و ئەوانی تر دەدەین، ئەوا ڕیاڵ دەلالەت لە نوقسانییەک دەکات، لە مەحاڵێتی، لەو شتەی بە وشە دەرنابڕدرێت، هەروەها لەو شتەی لە پاڵنەر و ئارەزووە نائاگایانەکانی خەڵکی هەڵژەنراوە. لاکان لە کاتی ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان عەشق، ڕق و بێئاگاییدا سێگۆشەیەک دەکێشێت تێیدا عەشق لە گۆشەی یەکتربڕی نێوان ڕەمزی و خەیاڵی؛ ڕق لە گۆشەی یەکتربڕی نێوان خەیاڵی و ڕیاڵ؛ بێئاگاییش لە گۆشەی یەکتربڕی نێوان ڕەمزی و ڕیاڵ دادەنێت.

عەشق و ڕق تەرکیز دەکەنە سەر ئەو ڕەهەندە لەتێگەیشتن-بەدەر و درکنەکراوەی لە هەر کەسێکدا هەیە، بۆیە گرنگ نییە چ وشە یان وێنایەک بۆ باسکردنی بەکار دەهێنین، هەوڵەکەمان هەر شکست دەهێنێت. زۆر جار هیچ هۆکارێکی ماقووڵ لە ئارادا نییە بۆچی دەبێت فلان کەسمان خۆش بوێت یان ڕقمان لە فیسار کەس بێتەوە، چونکە ئەم دوو هەستە لەسەر بێئاگایی ڕاوەستاون. ئەگەر کەسێک بیەوێت درێژە بەم دوو هەستە بدات، چ خۆشویستن و چ ڕق، ئەوا دەبێت ڕیزێک ستراتیژ بگرێتە بەر تا شتی زۆر دەربارەی ئۆبێکتی هەست و سۆزەکانی نەزانێت. وێڕای ئەوە، بێئاگایی (Ignorance) بە مانای نادیدەگرتن (ignoring) و فەرامۆشکران (being ignored)یش ڕۆڵی خۆی هەیە. لە کاتێکدا کەسانێک دەرهەق بەو کەسانەی پێیان وایە فەرامۆشیان کردوون، هەست بە تووڕەیی و دوژمنایەتی دەکەن، کەچی کەسانێکی تر هەن کاتێک ئەوی تر (واتە مەعشوقەکەیان) لایان لێ ناکاتەوە، شێتانەتر ئەوینداری دەبن. بەپێی سەرنجە وردەکەی میشێل سیلڤێسترا، دەروونشیکاری فەرەنسی، زۆر جار مەرج نییە عاشقان بیانەوێت ئەو ئۆبێکتەی کەمەندکێشی کردوون پەیوەندییەکی دووقۆڵییان لەگەڵ دابمەزرێنێت: "هەر لەو ڕۆژگارەی پیاوان دەربارەی عەشق نووسیویانە، ئەم خاڵە زەقوزۆپە بەدی دەکەین: چەندە زیاتر یاری جوانکیلە نوتقی لێ دەرنەیەت، چەندە زیاتر تەنانەت هەر وەڵامێکیشان نەداتەوە، ئەوا عەشقەکەیان باشتر دەمێنێتەوە."[4]

وەکچۆن دەکرێت عەشق ببێتە ڕق، بە هەمان شێوە دەشکرێت ڕق بەسەر خۆیدا هەڵبگەڕێتەوە و ببێتە عەشق. بێئاگایی ڕۆڵێکی گرنگ لەم هەڵگێرانەوەیەدا دەگێڕێت، چونکە دەرفەت بە عاشقەکان دەدات تا شتە ڕقبزوێنەکەی سەرەتا لەبیر بکەن یان نادیدە بگرن، لەپڕێکدا بە چاوێکی نوێ لە ئەوی تر بڕوانن. وەک بڵێی ئەوان لە ئێستادا "حەقیقەت"ێکی نوێ دەبینن؛ حەقیقەتێک کە وایان لێ دەکات لە ڕقەوە بپەڕنەوە بۆ عەشق.

[4] Michel Silvestre, *Demain la psychanalyse* (Paris: Navarin Editeur, 1987), 300; my translation

بابەت (تیما)ی سەرەکیی ڕۆمانی "*ڕاچێڵی ئامۆزام*"ی بەرهەمی دافنی دو مۆریەر ئەوەیە چۆنچۆنی عەشق دەبێتە ڕق یان بە پێچەوانەوە ڕق دەبێتە عەشق[5]. فیلیپ کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، هەتیوێکە لە لایەن ئامۆزا دڵنشین و بەسۆزەکەی بە ناوی ئەمبرۆز (Ambrose) بەخێو کراوە. کاتێک فیلیپ لە بیستەکانی تەمەنیەتی، ئەمبرۆز نەخۆش دەکەوێت، پزیشکەکانیش ئامۆژگاریی دەکەن ماوەیەک سەفەری دەرەوە بکات و لە کەشی ساردی زستانی بەریتانیا دوور بکەوێتەوە [ ئەمبرۆزیش دەچێتە ئیتاڵیا]، لە شاری فلۆرەنسدا دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی ڕاچێڵی شۆخ و پڕەمزوڕاز، هێندە ناخایەنێت هاوسەرگیرییش دەکەن. نامەکانی ئەمبرۆز بۆ فیلیپ لە سەرەتادا پڕن لە پیاهەڵدان بە ڕاچێل، بەڵام بە تێپەڕینی کات، ئاماژەی ئەوەیان تیا دەردەکەوێت کە ژیانی هاوسەرگیرییان بێ کەموکوڕی نییە. کاتێک فیلیپ دواهەمین نامەی ئەمبرۆزی پێ دەگات، سەرنج دەدات بە دەستخەتێکی خواروخێچ نووسراوە. ئەمبرۆز لەبارەی نەخۆشییەکەی دەدوێت، تۆمەتی ئەوە دەداتە پاڵ ڕاچێل کەوا هەوڵی داوە ژەهرخواردی بکات، هانی فیلیپیش دەدا تا بە زووترین کات خۆی بگەیەنێتە لای لە ئیتاڵیا، پێی دەڵێت "ئاقیبەت وا خەریکە لەناوم دەبات، ڕاچێڵی مایەی عەزابم."[6] کاتێک فیلیپ دەگاتە لای ئامۆزاکەی، چیتر کار لە کار ترازاوە و ناتوانێت ڕزگاری بکات. ڕاچێڵیش بێسەروشوێن دەبێت.

وەختێک فیلیپ دەگەڕێتەوە نیشتیمان، خەبەری پێ دەدەن مولکوماڵی ئامۆزاکەی بەمیرات بۆ ماوەتەوە، لەم بەینەدا ڕاچێڵیش ڕایدەگەیەنێت کەوا بەتەمایە سەردانی ئەوی بکات، بۆیە فیلیپ فەنتازیای تۆڵەکردنەوەی حەقی ئەمبرۆز دەخاتە زەینییەوە، چونکە پێی وایە ڕاچێڵ بەرپرسیارە لە مەرگی وی. بەڵام وردەوردە خۆیشی شەیدای ڕاچێل دەبێت، هەموو ئەو سەرەداوانەش نادیدە دەگرێت کە ئاماژەن بەوەی ئەم کچە ئەمبرۆزی کوشتووە. فیلیپ پارە و دیاری بەسەر ڕاچێڵدا دەبارێنێت، گەرچی هەمووانیش ئامۆژگاری دەکەن وا

[5] Daphne du Maurier, *My Cousin Rachel* (New York: Little,Brown, 2013),https://www.ebooks.com/en-us/book/1564564/my-cousin-rachel/daphne-du-maurier

[6] Du Maurier, *My Cousin Rachel*.

نەکات، بەڵام بڕیار دەدات موڵکوماڵەکە بە ناوی ئەو بکات، دەخوازێت بەم جۆرە ڕازیی بکات تا هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات و پێکەوە چێژ لەو میراتەی بۆیان ماوەتەوە، وەربگرن.

ئەم چیرۆکە وەسفێکی کامڵ لە بارەی کوێریی عەشق دەخاتە ڕوو. فیلیپ دەڵێت پیاوێکی جادوولێکراوە و ناتوانێت هیچ شتێک ببینێت لە ئۆبێکتی جۆشوخرۆشەکەی بترازێت. تووڕەییەکەی لە ڕاچێل و ئارەزووەکەی بۆ تۆڵەکردنەوە لێی لە حەقی مەرگی ئامۆزا خۆشەویستەکەیدا بە تێپەڕینی کات دەگۆڕێن و بە هەموو گیانی شەیدای دەبێت. بە ناوی پاساوێکی خۆفریودەر، ئەوەی گوایە ڕێز لە ئەوینی ئەمبرۆز بۆ ڕاچێل دەگرێت، وریاکردنەوەی ناو نامەکانی ئەمبرۆز فەرامۆش دەکات. لە پنتێکدا تەنانەت بڕیار دەدات دواهەمین نامەی ئەمبرۆز لە بن بەردێک لە دارستاندا بشارێتەوە، وەک بڵێیت هەر شتێک ئەگەری دزەکردنی بۆناو فەنتازیای مەعشوقەکەی تێدا بێت، پێویستە لە ژیانی دوور بخرێتەوە. بە هەمان شێوە، ساردوسڕییە هەڵکشاوەکەی ڕاچێل، خووی زێدەخەرجییەکەی و پەیوەندییە نهێنییەکانی لەگەڵ هاوڕێیەکی ئیتاڵیشدا نادیدە دەگرێت.

دوای چەندین هەڵبەزودابەرز کە تێیدا فیلیپ دەترسێت ڕاچێل هەوڵی ژەهرخواردکردنی بدات، دواجار ڕاچێل تووشی ڕووداوێک دەبێت و گیان لەدەست دەدات. بەم جۆرە فیلیپ دەڵێت کەسێکی جەرگسووتاوە، لە باقیی ژیانیشیدا ناتوانێت دڵنیا بێتەوە لەو ژنەی بە هەمان ڕادە ڕقی لێ دەبووەوە و خۆشیشی دەویست: ئاخۆ هەر بەڕاست ڕاچێل بکوژ بوو یان ئەو حوکمێکی هەڵەی بەسەردا دا؟

لەم ڕۆمانەدا شایەتحاڵی ئەوەین چۆن ڕق و خۆشەویستی و بێئاگایی لە پەیوەندیی نێوان دوو کارەکتەرە سەرەکییەکە لە گەڕدان. لە سەرەتادا لە مەودایەکەوە دەبینین چۆنچۆنی خۆشەویستییەکەی ئەمبرۆز بۆ ڕاچێل وردەوردە دەبێتە ڕق، ئینجا فیلیپیش ئەم ڕقە قەبووڵ دەکات و درێژەی پێ دەدات، گەرچی تەنانەت ئاگای لە ڕاستییەکانیش نییە، چونکە ئامۆزا خۆشەویستەکەی بەدەستی ئەم ژنە لەناو چووە. کاتێک فیلیپیش بەش بە حاڵی

خۆی عاشقی ڕاچێل دەبێت، دیسانەوە بێئاگایی فاکتەرێکی جەوهەری ئەم گۆڕانەیە، واتە وەک نێوانگرێک لەمەعبێن ڕق و خۆشەویستیدا دەور دەبینێت. سەرلەبەری ڕقەکەی تووڕ دەدات، بگرە هیچ زانیارییەک، چەندە زۆریش بێت، ناتوانێت وا لە فیلیپ بکات متمانەی بە ڕاچێل نەمێنێت یان چیتر خۆشی نەوێت. کاتێک لە گەرمەی شەهوەت یان عەشقداین، ئەوا زانین و حەقیقەت گرنگییەکی ئەوتۆیان نامێنێت، نادیدە دەگیرێن یان نکۆڵییان لێ دەکرێت.

## عەشق و درۆ

شکسپیر چەندین دێڕەشیعری لە بارەی عەشق و کوێریی نووسیوە. لە سۆنێتێکدا دەپرسێت:

**تۆ ئەی عەشق، ئەی گەوجە کوێرەکە، چیت لە چاوانم کردووە**

**وا زەق دەڕوانن و کەچی کوێراییشیان داهاتووە؟**[7]

لە سۆنێتێکی تردا، سەرنج دەدات:

**وەختێ یارم دەڵێ قەسەم دەستنوێژی حەقیقەتم**

**درۆ دەکا خۆ دەزانم، هەر باوەڕیشم پێیە ئەز**[8]

---

[7] William Shakespeare, “Sonnet CXXXVII,” in *The Complete Works of William Shakespeare*, ed. William James Craig (Oxford: Oxford University Press, 1952), 1125.

[8] William Shakespeare, “Sonnet CXXXVIII,” in Craig, *The Complete Works of William Shakespeare*, 1125.

لێرەدا باوەڕکردن (Believing) دەکەوێتە پێش زانین (knowing)ەوە. گەرچی دەشێت باوەڕ و زانین پێکەوە هەبن، بەڵام زۆر جار زانین وەلا دەنرێت، تا عاشقەکە بتوانێت ئەو فەنتازیایە بپارێزێت کەوا عەشقەکەی بە زیندوویی دەهێڵێتەوە.

باوەڕکردن بە درۆ یان خۆگێلکردن لە حەقیقەت شتێکی تا بڵێیت باو و قەبووڵ کراوە لە پەیوەندییە عاشقانەکاندا، بە جۆرێک زۆر جار ئەو کەسەی ناپاکی لە مەعشوقەکەی دەکات، ئەم ئامۆژگارییەی پێ دەگوترێت: تا پێت دەکرێت نکۆڵی لە ناپاکییەکەت بکە. هەندێک جار ئەگەر عاشق و مەعشوقەکان توانایەکی بەهێزی بێئاگایی و نکۆڵیکردنیان (denial) هەبێت، ئەوا دەتوانن پەیوەندییەکەیان چاک بکەنەوە، جا تووشی هەر خەلەلێکیش بێت. ئەم حاڵەتە ڕێک لای ئەو کەپڵە دەبینینەوە کە پێیان دەڵێم ئاننا و مایک [وەک دوو ناوی خوازراو]. مایک فڕۆکەوان بوو، بۆیە زۆر جار لە ماڵ دوور دەکەوتەوە. جارێکیان ئاننا بە سوتفە بەسەر ئیمێڵێکی نامەی عاشقانەی نێوان مایک و کارمەندێکی لاوی فڕۆکەوانی کەوت. کاتێک ئەم مەسەلەیەی بە مایک گوت، ئەو لە سەرەتادا هەر دەیگوت هیچ شتێک لە بارەی ئەم نامانە نازانێت، بەڵام هەر کە ئاننا ئیمێڵەکانی نیشانی مێردەکەی دا، مایک یەکسەر چیرۆکێکی لەخۆوە هەڵبەست: گوایە هەبێت و نەبێت هاوکارەکانی دزەیان کردووەتە ناو ئەکاونتی ئیمێڵەکەی و وەک گاڵتەیەک نامەی عاشقانەیان پێ نووسیوە. گەرچی ئاننا لە سەرەتادا بە حەق گومانی لەم چیرۆکە هەبوو، کەچی هێندەی نەخایاند باوەڕی پێ کرد و تووڕەییەکەی ئاراستەی هاوکارە نابەرپرسەکانی مێردەکەی کرد کە خەریک بوو هاوسەرگیرییەکەی لێ تێک بدەن. لەم نموونەیەدا، ئەم ژنە بە نکۆڵیککردن لە ناپاکیی مێردەکەی، چەشنە باوەڕێکی دیاریکراوی لای خۆی پاراست، ئەمەش بواری پێ دا تا بتوانێت درێژە بە هاوسەرگیرییەکەی بدات، نووسخەیەکی تری ئایدیاکەی لاکان دەربارەی جۆشوخرۆش بۆ بێئاگایی (passion for ignorance). مەسەلەکە هێندە ئەوە نییە ئەم ژنە حەقیقەتی نادیدە گرتووە، بەڵکو ئەوەیە بە جۆش و خرۆشەوە خۆی بەو چیرۆکەوە نووساند کە مێردەکەی لە هیچەوە هەڵیبەست، چونکە ئەمە دەرفەتی پێ دەدا لەگەڵ ویدا بمێنێتەوە و ژیانە هاوبەشەکەیان بپارێزێت.

بەهەرحاڵ، جاروبار ددانپیانان بە "حەقیقەت" ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی کەسێک هەڵسوکەوتی خۆی لە هاوبەشەکەی بشارێتەوە. ئەم حاڵەتە لە هاوسەرگیرییەکدا ڕووی دا کە تێیدا ژنەکە هەستی دەکرد پەیوەندیی نێوان خۆی و مێردەکەی تووشی کەموکوڕی و خەلەل هاتووە. مێردەکەی زۆر جار لە ماڵ دوور بوو، کاتێکیش دەهاتەوە، زۆربەی کاتەکە خەریکی نامەناردن بوو و بە وریاییشەوە ئەمەی لە چاوی ژنەکەی دەشاردەوە. جارێکیان ژنەکە بۆی ڕێکەوت مۆبایلی مێردەکەی بکەوێتە بەردەست، زنجیرەیەک نامەی وی بۆ ژنێکی نەناس تێدا بینی. کاتێک ئەمەی پێ گوت، مێردەکەی وا دەرکەوت تووشی شۆک بووە، بەڵام هەوڵی نەدا نکۆڵیی لێ بکات، بەڵکو بەڵێنی پێ دا چیتر چاوی بە ژنەکەی دیکە نەکەوێتەوە. بۆیە هاوسەرەکەی خۆشییەکی تێگەڕا، مێردەکەشی خۆشحاڵ بوو بە هێوربوونەوەی، ئیدی کاروباری هاوسەرگیرییەکەیان وردەوردە گەڕایەوە، سەر باری ئاسایی خۆی. دواجار ڕوون بووەوە کە مەسەلەی ئەو ژنەی بە حسێب پیاوەکە نامەی بۆ دەنارد هەڵبەستراوی دەستی خۆی بوو تا ئەو ڕاستییە پەردەپۆش بکات کە ئەو پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی تردا هەیە. لێرەدا پیاوەکە هێمایەکی "حەقیقەت"ی ئەفراند تا ژنەکەی بە بێئاگایی بهێڵێتەوە. پیاوەکە دەیویست وەک چاوبەستێک پەیمانە ڕەمزییەکە، واتە هاوسەرگیرییەکەی بپارێزێت، تا حەقیقەتی پەیوەندییەکەی لەگەڵ هاوبەشێکی نێرینەدا پێ پەردەپۆش بکات.

فەنتازیا شێوازی تێگەیشتنی ئێمە لە واقیع دادەڕێژێت؛ لە ئەنجامی ئەمەشدا، تەنانەت کاتێک ئەم کەسە بەر زانین، حەقیقەت یان ڕاستیی نوێش دەکەوێت، ئەوا ئەم فەنتازیایە بە دەگمەن دەگۆڕێت، چونکە فەنتازیا پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەوەوە نییە ئاخۆ شتەکان خۆیان لە "دونیای ڕاستەقینە"دا چۆنن. زۆر جار فەنتازیای سوبێکت وەک بەرگرییەک لە بەرانبەر "تاقیکردنەوەی واقیع"دا[9] دەجووڵێتەوە، هەر وا بێتەوە لە بەرانبەر ئەو ڕاڤانەیشی ڕەنگە ئەم فەنتازیایە بنکۆڵ بکەن.[10] لە ئاکامدا، هیچ ڕێژەیەکی

---

[9] Reality testing

[10] Russell Grieg and Justin Clemens, “A Note on Psychoanalysis and the Crime of Torture,” *Australian Feminist Law Journal* 24, no. 1 (2006): 161–77.

حەقیقەت یان زانیاری لە بارەی ئۆبێکتی خۆشەویستییەکە ناتوانێت تێگەیشتنی عاشقەکە بگۆڕێت.

## من کێم بۆ ئەوی تر؟

## (Who Am I for the Other?)

زۆر جار کاتێک کەسێک بیەوێت درێژە بە پەیوەندییەک بدات و هەرچی لەدەستی بێت بیکات تا ئەو فەنتازیایە بپارێزێت کە وەک کۆڵەگەیەک پەیوەندییەکەی ڕاگرتووە، ئەوا هەر کام لە نکوڵی و بێئاگایی بەگەڕ دەخرێن، بەڵام لە هەندێک حاڵەتی بێئاگایی دەستئەنقەستدا، مەسەلەکە ئەوە نییە کەسێک چاوەکانی لە ئاست ڕاستییەکان دابخات یان وێنای شتانێک بکات کە ڕوویان نەداوە؛ بەڵکو لە جیاتییەکەیدا کەسێکمان هەیە دەزانێت شتێک ڕاست نییە کەچی وا خۆی دەنوێنێت وەک بڵێیت ڕاستە.

ئەمە بەسەر کچێکدا هات کە من بە مایا ناوی دەهێنم. ئەم کچە تەمەنی هەر دە ساڵێک بوو کاتێک دایکی بە شێرپەنجە گیانی لەدەست دا. باوکی مایا لە ساڵرۆژی لەدایکبوونی کچەکەیدا، بۆ ماوەی چەندین ساڵ دوای مەرگی دایکی، هەر جارە و نامەیەکی پێ دەدا، گوایە لە لایەن دایکیەوە بۆی نووسراوە پێش ئەوەی بمرێت. نامەکە پڕ بوو لە پیاهەڵدان بە کارەکانی مایا، لەوەی چ کچۆڵەیەکی دڵنشینە و دایکیشی چ شانازییەکی پێ دەبرا ئەگەر دەرفەتی هەبوایە ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونی لەگەڵدا گێڕابا. مایا هەموو نامەیەکی ئاوای بە بەنرخترین دیاری دەیزانی کە لەوەتەی هەیە پێشکەشی کرابێت. کاتێک مایا ئەم گەنجینانەی نیشان دام لە ناخمەوە هەژاندمی، لە خۆیشم دەپرسی ئاخۆ هێشتا باوکی چەند نامەی دیکەی ئاوای بۆ هەڵگرتووە. بۆیە تووشی شۆک بووم کاتێک پێی گوتم لەڕاستیدا نەک تەنها باوکی ئەم نامانەی بە دەستی خۆی بۆ نووسیوە، بەڵکو ئەویش بەتەواوی ئاگای لەوەیە. ڕاستییەکەی دایکی مایا نەیدەویست بە هۆی ئەم نامانە لە گۆڕەکەیەوە ببێتە

بارگرانی بەسەر شانی کچەکەی، بەڵکو دەیویست کچەکەی درێژە بە ژیانی خۆی بدات بەبێ ئەوەی هیچ نامەیەک لە دایکە کۆچکردووەکەیەوە ڕاوی بنێت. بەهەرحاڵ، کاتێک یەکەم ساڵڕۆژی لەدایکبوونی مایا بەبێ دایکی بەڕێوە چوو، ئەو هەر لە باوکی دەپرسی ئاخۆ دایکی چ هیوایەکی لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا بۆ دەخواست؟ ئاخۆ پێش مەرگی هیچ نامەیەکی بۆ بەجێ هێشتووە یان نا، بەڵام چونکە هیچ نامەیەکی ڕاستەقینە لەئارادا نەبوو تا لە ڕۆژی لەدایکبوونی مایا بیکەنەوە، بۆیە باوکی ئەم پێشنیازەی بۆ کرد: ئەو خۆی نامەیەکی بۆ دەنووسێت، هەردووکیشیان وا خۆیان دەردەخەن وەک بڵێیت نامەکە لە دایکیەوە هاتبێت. مایا شاگەشکە بوو بەم کارە، دواتریش هەر جارێک لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا نامەیەکی نوێی پێ دەگەیشت لە خۆشیدا جێی بە خۆی نەدەگرت. لە کاتێکدا مایا بە باشی دەیزانی کە باوکی ئەم نامانەی بۆ نووسیوە، کەچی دەستئەنقەست خۆی لەم ڕاستییە بێئاگا کرد. ئەم نامانە فەزایەکیان بۆی کردەوە تێیدا دەیتوانی وێنای باسوخواس لەگەڵ دایکیدا بکات، گەرچی تەنانەت ئەم نامانە بە قەڵەمی باوکی نووسرابوون. وێڕای ئەوەی ئەم کچۆڵەیە خۆشەویستیی دایکی بۆ خۆی لەیاد بوو، بەڵام تامەزرۆ بوو بە بەڵگەی ڕەمزییەوە بیسەلمێنێت. نامە ساختەکان ڕۆڵی نیشانەیەکی ڕەمزییان (symbolic sign) دەگێڕا؛ وەک نیشانەیەک لەمەڕ ئەو ڕاستییەی کە دایکە کۆچکردووەکەی ئەوی خۆش ویستووە (ئەو "ئۆبێکت"ی خۆشەویستییەکەی وی بووە.) باوک کە ئەم نامانەی نووسیبوو وەک نێوانگیرێک ڕۆڵی دەگێڕا، وەک شایەتێک بەسەر ئەم خۆشەویستییە، نامەکانیش تەقریبەن وەک گرێبەستێکی هەردەم نوێ وا بوون؛ گرێبەستێک کە بواری بۆ خۆشەویستیی دایکانە دەڕەخساند. لە ڕۆمانی *ڕاچێڵی ئامۆزا*مدا، فیلیپ ناچارە نامەکەی ئەمبرۆز بشارێتەوە تا خۆشەویستییەکەی بۆ ڕاچێڵ تووشی ئاستەنگ نەبێت؛ بەڵام لە حاڵەتەکەی مایادا، نامەیەکی ساختە گوزارشت لە خۆشەویستیی دایکانە (و باوکانە)ش دەکات.

کاتێک ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە دەبینەوە: من چ مانایەکم لای ئەوی تر هەیە؟ ئەوا وەڵامێک هەڵدەبەستن کە لە هەندێک حاڵەتدا وەڵامێکی قایلکەرە و بگرە ژیان ئیسپات دەکات، بەڵام لە هەندێک حاڵەتی دیکەدا ڕەنگە دەرگا بە

ڕووی خۆویرانکردندا بکاتەوە. گیلیاد ناچمانی باسی حاڵەتی کوڕێکی یازدە ساڵان دەکات. پاش ئەوەی باوکی ئەم کوڕە سێ مانگ پێشتر دەچێتە نووسینگەکەی و هەرگیز ناگەڕێتەوە، تووشی تراوما دەبێت، بۆیە پەنا دەبەنە بەر شیکردنەوەی دەروونی.[11] لە دوای ئەم ڕووداوە تراوماییە، هەرگیز جارێکی دیکە وشەی "بابە" (daddy) لە ماڵی واندا بەسەر زمانی کەسیاندا نەهات، بەڵکو تەنها بە زمانێکی فەرمی وەک "باوک" (father) ئاماژە بۆ پیاوە ونبووەکە دەکرا. وەک بڵێیت ونبوونەکەی پێگە ڕەمزییەکەی گۆڕیوە و وشەی 'بابە' تەنها بۆ کەسێکی ئامادە و وشەی 'باوک'یش لە حاڵەتی نائامادەبوونیدا بەکار بێت.

بێسەروشوێنبوونی باوکی کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر کوڕەکە هەبوو: بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە قوتابخانە غایب دەبوو، لە ماڵەوە لاساریی دەکرد، دایکیشی چیتر بە سۆزەوە لەگەڵی نەدەجوولایەوە و بگرە بەگشتی هەر فەرامۆشی کرد. وەک بڵێیت دایکی لەتاو خەمی خۆیدا، نەیدەتوانی ئازارکێشانی کوڕەکەیشی ببینێت، تەنانەت هەر ئامادەییەکەی لە خانووەکە ناڕەحەتی دەکرد.

لەم بەینەدا هاتە سەر ئەو ڕایەی کەوا کوڕەکەی پێویستی بە چارەسەری دەروونییە (therapy)، بەڵام وەک ئەوەی شیکەرەوە دەروونییەکەش سەرنجی دا، تەنانەت ئەزیەتی ئەوەشی نەدایە بەر خۆی تا لە یەکەم دانیشتندا هاوەڵی کوڕەکەی بکات، بەو بیانووەی گوایە زۆر سەرقاڵە. شیکەرەوەکە سەرنجی دا جلەکانی کوڕەکە دەڵبن و پڕ بە بەری نین، بە ڕووکەش دەتگوت جلوبەرگی باوکی لەبەر کردووە. جووڵە و ڕەوتی کوڕەکەش لە هی پیرەپیاوێک دەچوو: بە کۆمەکۆم دەڕۆیشت، داهێزراو دەینواند، دەتگوت بەزۆر ڕێ دەکات.

کوڕەکە بەبێ هەست و سۆز لە بارەی ونبوونی باوکی دەدوا، بەڵام لە ئاستێکی نائاگایانەدا، بە قووڵی هاوشوناسی باوکی بووبوو. خۆدزینەوەی لە قوتابخانە وەک دووپاتکردنەوەی ونبوونەکەی باوکی دەهاتە بەرچاو، بە هۆی

---

[11] Gilead Nachmani, “Trauma and Ignorance,” *Contemporary Psychoanalysis* 31,no. 3 ( July 1, 1995): 423–50.

پۆشینی جلوبەرگی باوکی و ڕێکردنی وەک پیرەپیاوێک، هەوڵی دەدا باوکە غایبەکەی بەرجەستە بکات. لە سەرەتا، نیشانەی خەمۆکیی پێوە دەبینرا، بەڵام بە زوویی دڵەڕاوکێ و هەستکردن بە گوناحیشی تیا دەرکەوت. بە زەحمەت دەیتوانی فەنتازیا و واقیع لێک جیا بکاتەوە. باوکی زۆر جار چەندین سەعات لەسەریەک کاری دەکرد، کوڕەکەش پەست بوو لەوەی باوکی بە دەگمەن ڕێی دەکەوێتە ماڵ، زۆر جار فەنتازیای ئەوەی دەکرد ڕەنگە باوکی نەخۆش بکەوێت و بۆیەش ناچار بێت ماوەیەکی زیاتر لە ماڵ بمێنێتەوە. کاتێک باوکی ون بوو، کوڕەکە تووشی نیگەرانی بوو لەوەی خواستەکەی بەدی هاتبێت و بووبێتە هۆی ونبوونی باوکی.

بەپێی بەرەنجامگیریی دەروونشیکارەکە "کوڕەکە لە سەرەتای چارەسەرە دەروونییەکەدا وەک کەتنکارێک خۆی تۆمەتبار دەکرد. گەرچی هەستکردنی بە گوناح دیاریکراو و تایبەت بوو، بەڵام بە زۆری بە هۆی نکۆڵییەوە دەیسەلماند، هەروەها بە هۆی پێداگرییەکەی لەسەر ئەوەی "هیچ پێویستییەکی" نییە. بە خۆهەڵکێشانەوە دەیگوت پێویستی بە هیچ کەسێک نییە، خۆی بەهێز و تەواو سەربەخۆیە. موحتاجی دەستی کەس نییە."[12]

لە ساتەوەختێکی سەرنجڕاکێشی شیکردنەوە دەروونییەکەدا، دەروونشکارەکە سەرنجی دا ئەم کوڕە بە نهێنی خواردن لە سەلاجەکە دەدزێت. دەروونشیکارەکە زانیی دایکی بیری چووە نان بە کوڕەکەی بدات. کاتێکیش داوای لە دایکی کرد مەسەلەکە ڕوون بکاتەوە، ددانی پیا نا نەیویستووە نان بە کوڕەکەی بدات، وەک سزایەک لە حەقی ونبوونی مێردەکەی. ئەویش بە نهێنی لە پای بەسەرهاتەکە لۆمەی کوڕەکەی دەکرد، چونکە زۆر جار هەستی دەکرد مێردەکەی هێندەی کوڕەکەی خۆش دەوێت ئەوی خۆش ناوێت.

گەرچی ئەم دەروونشیکارە باسی لەوە نەکردووە ئاخۆ شیکاریی کوڕەکە چۆن چووە پێش یان ئاخۆ دواجار باوکی دۆزرایەوە یان نا، بەڵام هێشتاش لەم چیرۆکەدا چەندین شێوەی جۆراوجۆری نکۆڵی بەدی دەکەین کە

Nachmani, “Trauma and Ignorance,” 435.[12]

ڕۆڵێکی جەوهەری لە پەیوەندییە نێوکەسییەکاندا دەگێڕن. یەکەمیان دەکرێت ونبوونی باوکەکە (ئەگەر بەڕاستی خۆی بە مەبەستەوە وای کردبێت یان لە خەیاڵی کوڕەکەدا بە شتێکی مەبەستدار وێنا کرابێت) وەک شێوەیەکی توندی وەلانانی خێزانەکەی درک بکرێت: خۆی لەبەر چاویان لا دا و هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ بڕین. نادیدەی گرتن و بەم جۆرەش ڕەتی کردنەوە. دووەمیان دایکی بە قسەبڕین لەگەڵ کوڕەکەی و پێداگریی لەسەر بەکارهێنانی وشەی "باوک" [لەجیاتی "بابە"]، خۆی لە دەرگیربوون بە چییەتیی ڕووداوەکە لا دا، هاوکات نکۆڵی لە لینکە عاتیفییەکانی نێوان کوڕەکە و "بابە"ی کرد. سێیەمیان، دایک و کوڕەکە لە دۆخی پڕئازاری خۆیاندا یەکتریان فەرامۆش کرد —تەنانەت با بڵێین سزای یەکدیان دا- دایکەکە تا ئەو ڕادەیە کوڕەکەی پشتگوێ خست، کە هەر بیری دەچوو خواردنی پێ بدات. کوڕەکەش کاتێک لە قوتابخانە و ماڵ "ون دەبوو"، دەیویست دایکی "نادیدە بگرێت".

لە هەناوی ئەم هەموو بێنەوبەردەیەدا کە حەقیقەتی پشت ونبوونی باوک نادیدە دەگیرا و دایک و کوڕیش حسێبیان بۆ هەستەکانی یەکتر نەدەکرد، کوڕەکە عەوداڵی ددانپیانان و خۆشەویستی بوو. کاتێک کوڕەکە لە ماڵدا یاساکانی دەبەزاند، خۆی لە قوتابخانە دەدزییەوە، جلەکانی باوکی لەبەر دەکرد، تەنانەت خوراردنی دەروونشیکارەکەی دەدزی، ئەوا لەڕاستیدا بە ڕێگەی خۆی داوای بەهاناچوونی دەکرد، خۆشبەختانە ئەمەشی لای دەروونشیکارەکە دۆزییەوە.

ئاشکرایە فەرامۆشکردن و فەرامۆشکران دوو بەشی گرنگی هەموو جۆرە عەشقێک، یان هەر پەیوەندییەکی دیکەن، بە پەیوەندیمان لەگەڵ خودی خۆیشماندا. ڕوس ئیمبەری دەروونشیکار لە جێیەکدا باس لە حاڵەتەکەی ئاننا دەکات، ئەم خانمە هەستی دەکرد دایم و دەرهەم فەرامۆش کراوە، بۆیە بەدوای ڕێچارێکدا دەگەڕا بۆ ناکامی و کۆژانەکەی، دەچووە لای پزیشکێک و هێندەی نەدەبرد دەچووە لای پزیشکێکی تر.[13] لە حاڵێکدا هەوڵی دەدا کەسێک ئاوڕی لێ بداتەوە و لە دڵەوە دەیویست پزیشکێکی پرۆفیشناڵ بدۆزێتەوە سەر

[13] Ruth R. Imber, "Clinical Notes on Masochism," *Contemporary Psychoanalysis* 31, no. 4 (October 1995): 581–89.

لە ژانەکەی دەربکات، یارمەتیی بدات چیتر نەتلێتەوە، بەڵام ڕاستییەکەی هەر خۆی ڕێگری ئەم کارە بوو، چونکە قەت بە ڕادەی پێویست لای پزیشکێک نەدەمایەوە و لە یەکێکیانەوە بۆ یەکێکی تر دەڕۆیشت. کاتێک ئاننا دڵی بە پزیشکی باو دانەسەکنا، بەرەبەرە ڕووی کردە چارەسەرە بەدیلەکانی دیکە، هیچ شتێک نەما تاقینەکاتەوە، لە 'homoeopaths' و دەرزیئاژنینەوە تا ڕووکردنە پسپۆڕەکانی پاریزی خۆراکی. لە دوای ئەم گەڕانە وزەبڕە، هانای بۆ دەروونشیکاری برد، دەیوست لەویادا ڕێچارێک بۆ کۆژانەکەی بدۆزێتەوە، بەڵام دیسانەوە لە هیچ شتێک نەدەسڵەمییەوە تا بەر بە پرۆسەی گۆڕانکارییەکە بگرێت؛ ئەو گۆڕانەی بە هەق پێوییستی پێ بوو.

ئاننا لە میانی دانیشتنەکان لەگەڵ دەروونشیکارەکەدا گلەیی دەکرد لەوەی لە ژیانیدا لە چەندین لا فەرامۆش کراوە: هەستی دەکرد کاتێک شووبرا و هاوسەرەکەی منالیان بوو، چیتر ئەویان پشتگوێ خست. بەهەرحاڵ، غیرە و ئیرەییەکەی تەنها ئاراستەی خێزانە گەورەکەی نەدەکرد، بەڵکو پلەوپێگەکەیشی لە کۆمەڵگەدا دەگرتەوە. ئاننا وەک کۆچبەرێک لای وا بوو هەر لە عەیامی منالێتییەوە فەرامۆش کراوە و لە هەموو شت بێبەش بووە، لە کەمئەندامییەکەی دایکیشی پەست بوو، چونکە پێی وا بوو ئەگەر ئەوان لە وڵاتی بابوباپیرانیاندا لە هەلومەرجێکی هێندە نالەباردا نەژیابان، ئەوا دایکی تووشی شتی وا نەدەبوو. وێڕای ئەوە، ڕێک پێش مەرگی دایکی، زانی کچی حەقیی ئەو نییە.

لە ڕەوتی چارەسەری دەروونیدا، بە ڕوونی دەرکەوت ئاننا هەمیشە لە لەدەستدان و هۆگری ترساوە، شێوازی مامەڵەکەشی لەگەڵ دڵەڕاوکێدا ئەوە بووە هەرگیز هەموو هێلکەکانی نەخاتە سەبەتەیەکەوە. ڕۆیشتن لە لای پزیشکێکەوە بۆ لای پزیشکێکی تر، لە دەروونپزیشکێکەوە بۆ لای دەروونپزیشکێکی تر بەشێک بوو لە ستراتیژەکەی: واتە خۆپاراستن لەوەی بەجێ بهێڵرێت. ئەم ژنە حەزی دەکرد دڵەڕاوکێیەکەی نەهێڵێت و وا هەست نەکات خەڵک و خوا ڕەتیان کردووەتەوە، بۆیە هەمیشە خۆی دەستپێشخەری دەکرد و لە پەیوەندییەکە دەردەچوو. لە کۆتاییدا، وازی لە شیکردنەوەی دەروونییش هێنا.

ئەم حاڵەتە ڕوونی دەکاتەوە چۆنچۆنی زۆر جار سوبێکتێک لە هەناوی ئازارچەشتندا چێژێکی پڕژان (*ژویسانس*) دەدۆزێتەوە. گەرچی بەپێی ئیدیعاکەی خۆی بێت، ئاننا بەدوای زانین و خۆناسیندا دەگەڕا تا ببێتە یارمەتیدەری لە گۆڕینی ژیانیدا، بەڵام لەڕاستیدا هەموو شتێکی دەکرد تا خۆی لەم زانینە دوور بخاتەوە و فەرامۆشی بکات. گەرچی دواجار لە میانی شیکردنەوەکەدا زانیارییەکی گرنگی خستە ڕوو لەبارەی لەدەستدانی دایکە حەقییەکەی، بەڵام بڕیاری دا لەوە زیاتر هەوڵی پشکیننی پەیوەندیی نێوان ئەم ڕاستییە و ترسەکەی لە جێهێڵران و جەفاکاری نەدات؛ بە دەربڕینێکی دیکە، بە هۆی خۆگێلکردن لەم ڕاستییە گرنگە لە بارەی خۆیەوە، وای هەست دەکرد گوایە هەمووان فەرامۆشیان کردووە، ئەمەش لە ئاکامدا تووشی چارەڕەشی و خودبێزی (نەمانی خۆ-خۆشویستن)ی دەکرد.

**سەرچاوەی وەرگێڕان:**

RENATA SALECL (2020) *A Passion for Ignorance*, Princeton university Press, Pp, 96–107.